# لەیادی کارەساتی هەڵەبجەدا، نا بۆ حکومەتی قەومی _ئیسلامی!

ئەمڕۆ 16 -3 یادی 17دەهەمینساڵرۆژی کارەساتی ژەهربارانکردنی شاری هەڵەبجەیە لە لایەن ڕژێمی قەوپەرستی بەعسی لەگۆڕنراوەوە. ئەمڕۆ یادی ئەو تاوانە قیزەونەیە کە ڕژێمی خوێنڕێژی بەعس لەدریژەی سیاسەتی سەرکوتگەرانە و شۆڤینیستانەی خۆیدا لەهەلەبجەدا گیانی هەزاران کەسی کردە نیشانەی چەکی کیمیایی و بایالۆژی کە لەئاکامدا وتەنها لەچەند دەققەیەکدا زیاتر لە پێنج هەزار ئینسان گیانیان لەدەستداو بەهەزارانی تریش بریندارو ئاوارەکران.

ئەگەر هۆکاری سەرەکی کارەساتی هەڵەبجە  دڕندەیی ڕژێمی بەعس بوو بەرامبەر بەخەڵکی کوردستان و لەدرێژەی قوڵکردنەوەی زوڵمی قەومیدا بوو. بەڵام ئەمەش ڕاستیەکی مێژووی حاشاهەڵنەگرە، کە شەڕی ماڵویرانکەری ئێران_عێراق و پێشلەشکری ئەحزابی قەومی کورد بۆ هێزەکانی جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی، لەلایەن بەعسەوە کرایە بیانوی ژەهراوی کردنی خەڵکی هەڵەبجە و خولقاندنی ئەم تراژیدیا ئینسانیە.  چ ڕژێمی بەعس وەکو لایەنی سەرەکی تاوانەکە و چ جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی و ئەحزابی قەومی کورد، سێکوچکەی بەشدارن لەم تاوانکاریەدا.

بەڵام دیسان ئەمە هەموو هۆکاری کارەساتەکە بەیان ناکات، ئەمریکاو غەرب کە خۆیان دەستیان بوو لە هێنانە سەرکاری بەعس، دەستیان بوو لە پرچەککردن و بەهێزکردنیدا، ولە پیناو بەرژەوەندیەکانی ئەوکاتەیاندا بێدەنگ بوون لەبەرامبەر دڕندەیی ئەم رژێمەدا،و لاشەی لە کیمیایی هەڵکێشراوی هەڵەبجەو شوێنەکانی تر کوردستان نەیدەتوانی تۆزقاڵێك لەسیاسەتی پشتیوانیکردن لەم دڕندەیەی سەردەم خاویان بکاتەوە، بەشێکن لە کارەساتەکە.

ئەمڕۆ کە خەڵکی کوردستان وەکو هەموو ساڵانی رابردو یادی ئەم تراژیدیایە ئەکەنەوە، هاوکات ئەحزابی قەومی کوردو جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی و زۆرێك لەوهێزانەی لە منداڵدانی قەومچێتی بەعس و ئیسلامی سیاسیدا چاویان کردۆتەوە، خەریکی هەڵرشتنی فرمێسکی تیمساحیانەن بۆ هەڵەبجەو قوربانیانی.

ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەحزابی قەومی کورد دوای کارەساتی هەڵەبجەو دوای ئاوارەیی ملیۆنی و دوای ویرانکردنی چەندین شارو شارۆچکەو دیهاتی کوردستان، بەمەبەستی بەش وەرگرتن لە دەسەلاتی رژیمی بەعسدا چەندین جار ریگای بەردەم جەلادەکانی خەڵکی کوردستانیان گرتەبەر. کاتێکیش کە فریای بەشداری لەدەسەلاتی بەعسدا نەکەوتن و، گلۆڵەی ئەم رژیمە رووڵەخوار بوو، ئەمجارە چونە پاڵ بەرەی جەنگخوازی ئەمریکاو ئومێدی خەڵکی کوردستانیان بە میلیتاریزم و ملهوڕی ئەمریکاوە گرێدا. ئێستاش خەریکن لەگەڵ قەوم پەرستە عەرەبەکان و ئیسلامی سیاسیدا دەسەلاتی رەشی قەومی و ئیسلامی   دادەسەپێن بەسەرخەڵکی کوردستاندا.

یادی كارەساتی ئەمسالی هەڵەبجە، هاوكاتە لەگەڵ هەوڵەكانی بەرەی بورژوازی عیراقدا بۆ پێكهێنانەوەی حكومەتێكی قەومی عەرەبی پشتبەست و بە یاساو شەریعەت ئیسلامی.
لەم نێوەدا ئەگەر بزوتنەوەی كوردایەتی و ئەحزابی قەومی كورد لەپێشیانەوە یەكیتی وپارتی، لەپێناوبەشداربوونیان لەدەسەڵاتی ئایندەی عێراقدا، خەریكن لە لایەك بەشداری پرۆسەی بیناكردنەوەی دەسەڵاتێكی قەومی و ئیسلامی كۆنەپەرست دەكەن و كوردستانی بە دەوڵەتێكی لەم چەشنەوە دەلكێننەوە بەم جۆرەش ستەم و كێشەو ململانێ ی قەومی دەكەنەوە بە واقعیەتی ژیانی خەڵك لە كوردستان و عیراق.

ئەوا ئەم یادە بۆ جەماوەری ئازادیخوازی كوردستان بۆنەیەكە كە تیایدا جارێكی تر خواستی ئینسانی و ئازادیخوازانەی خۆیان بۆ ڕزگار بوون لەدەست ستەمو كێشە و ململانێ ی قەومی دووپات بكەنەوە. هەڵەبجە پێمان دەڵێت ئەگەر دەوڵەتێكی غەیرە قەومی و سكولار لە عیراقدا نایەتە سەركار، ئەگەر كورد بوون بە مانای كەمایەتی بوون و پلە دوو بوونە لە وولاتێكدا كە دەوڵەتەكەی مۆركی نەتەویەكی تری لە ناوچەوانی خۆی داوە. جگە لە جیابوونەوە وپێكهێنانی دەوڵەتێكی سەربەخۆ لە كوردستان ڕێگایەكی تر بۆ ڕزگار بوون نی یە.
دەبا لە پێناوی بەدیهێنانی ئەم خواستە ئینسانی وئازادیخوازانەیە، لە پێناوی جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتێكی سەربەخۆی سكولار و غەیرە قەومی لە دەوری ڕێكخراوی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان كۆببینەوە.

ریسوای بۆ ئەنجامدەران و بەشدارانی تاوانی كارەساتی هەلەبجە!

ریسوای بۆ ئەوانەی دەیانەوی كوردستان بلكینەوە بە عیراقیكی عەرەبی ئیسلامیەوە!

**ریكخراوی دەرەوەی حزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراق**

2005-3-16